سەماحەتی حەکیم بە پێویستی دەزانێت کە گۆڕینی یاسای لێبوردنی گشتی ئەو کەسانە نەگرێتەوە کە دەستیان لەڕشتنی خوێنی عێراقی هەبووە

بەرێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی سەرکایەتی دەستەی بیروڕای ڕاوتی حیکمەی نیشتمانی کرد، لەم دیدارە چەندین دەسەی سیاسی و هەرەمی گرنگ تاوتوێ کران، هەروەها باس لە پێشهاتەکانی دەخی عیراقی کرا و دووپاتی کردەوە کە پێویستە گۆڕینی یاسای لێبوردنی گشتی زامن بێت بە ڕیگا گرتن لە دەرچوونی ئەوانەی دەستیان لە رشتنی خوێنی عیراقییەکان هەبووە، ئەوش وەك پاراستنی مافەکانی گەلی عێراق.

هەروەها باس لە پێشهاتەکانی دەخی سووریا کرا و سەماحەتی حەکیم جەختی کردەوە لەسەر گرنگی پاراستنی هەوری لەم وڵاتە ئازیزە و ڕێگا خۆشکردن بە ئەوەی گەلەکەی خۆی حوکم بگێڕێت، دووپاتیشی کردەوە کە پێویستە یەکێتی سووریا پارێزراو بێت و ڕێز لە سەروەری نیشتمانی بگیرێت، هەروەعا سەماحەتی گرنگی ئامادەباشی هێزکانی ئەمنی و سەربازی هێزە چەکدارەکانمانی کردەوە و داواشی کرد یەکێتی نیشتمانی و تەکێە بوون لەنێوان سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی عێراق هەبێت.

سەماحەتی باسی دەخی هەرەمی و نەودەوڵەتی کرد و گوتی تەبایی و هاوڕایی هەرەمی و نەودەوڵەتی سەبارەت بە سەقامگیری عێراق و سیستەمی سیاسی هەیە و هیوای خواست ئەو هاوڕاییە ببێتە هەکاری سەقامگیری زیاتر لە وڵاتدا.

هەروەها داواشی کرد یادی ڕۆژی شەهیدی عێراقی بکرێت بە بۆنەی یادی بیست و دووەمین شەهید میحراب ئایەتوڵا محەمەد باقر حەکیم (نهەنی پارێزراو بێت)، ئاماژەشی کرد کە ئەو بۆنەیە هاوکاتە لەگەڵ ڕووداوی گرنگ کە ناوچەکە بەخەیاڵەوە بینیوە، هەروەها لەگەڵ شەهید بوونی سەرکردەکانی سەرکەوتن (خوا لێیان خۆش بێت).